# ئیسلامییەکان بۆچی دژی کومۆنیستەکانن؟

کەمال ڕەئوف

ڕەنگە ئەوە پرسیارێکی ئاسایی و سادەبێت گەربپرسین بۆچی بیروباوەڕەکۆنەپارێزو هێزە ئاینیەکان هەمیشە لەدژی بیرو باوەڕوگرووپی کۆمونیستی دەوەستنەوە و دژایەتی سەرسەختانەیان دەکەن ؟ ئەو پرسیارە هەرچەندە بەڕوو کەش سادەیە بەلام وەلامی دروست وزانستیانەی خۆی دەوێت، دیارە ئەو وەلامە تەقلیدیەی کەگوایە کۆمونیستەکان بڕوایان بەخواو ئاین نیەو ئەوانیش لەبەرابەردا داکۆکی لە خواو ئاین دەکەن وەلامێکی دروست وڕاست و گونجاونییە، چونکە زۆر جار بینیومانە یان بیستومانە هێزە ئاینیەکان لەگەڵ هێزور لایەن وبیرو باوەڕی وادا کۆبوونەتەوە وریکەوتننامەیان مۆرکردووە کەلەو ڕوانگەیەوە لەگەڵ کۆمۆنیستەکان هاوڕابوون !، ئەوەتا ئۆپوزیسۆنی عێراقی بەئیسلامیەکانیشەوە ئامادەن داگیرکاری ئەمەریکا قبولڵ بکەن کەچی ناتوانن تەحەمولیبوونی بنکەی کۆمونیستەکان لەشارەکاندا بکەن، لەشاری ناسریە بەبریاری حەوزەی عیلمی و بەپیلانی هێزە ئیسلامیەکان لەماوەی ئەم مانگەداچەندجارێك پەلاماری بنکەیەکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەدەن و بوونی ئەو بنکەیە بەترسناك دەزانن بۆسەرخۆیان، ئەوان کاتێك کەهەر لەناوەراستی ئەم مانگەدا ماڵی گەورە پیاوان و شێخەکانیان لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە دەپشکنرێت و بەر پەلاماردەکەوێت، لەتۆڵەی ئەوەدا و بۆئەوەی سومعەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان بپارێزن هەڵمەتی نامەردانە دەبەنەسەر بنکەی حیزبی کۆمونیستی کرێکاری وکەلوپەلەکانیان بەغەنیمەت دەبەن، ئەوکارەی ئەوان کە بەئاشکرا دژی ئازادی سیاسیە لەهەمانکاتیشدائاماژەیەکی ڕاستەو خۆیەلە دژی ئازادی و چونە پێشەوەی بزووتنەوەی ژنان و لاوان، چونکە کۆمونیستەکان لەگەڵ ئەوەی خاوەن حیزب و سیاسەت و بیروباوەڕی تایبەت بەخۆیانن، بەلام لەگەڵ ئەوەش لەچەند ساڵی ڕابردوودا ئەوەیان نیشاندا کە تاکەهێزی نوێخوازو داکۆکیکەری ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ژنان و لاوان بوون و توانیویانە زۆر لەبیرو باوەڕی سەربەستی و بەرابەری ژنان لەنێو کۆمەڵدا بکەنە ئەو پرسیارواوایەی کە زۆر لەهێزە تەقلیدیەکان بەناچارملیان پێداو لەبەرنامەو پرۆژەکانی خۆیاندا جێگایەکیان بۆکردووە، لێرەوەیە کەدەتوانین وەلامی ئەو پرسیارەی سەرەوەمان دەستبکەوێت، هەربۆیە ناهەقمان نییە گەر بڵێین لەم کاتەدا هێرشکردنە سەر کۆمۆنیستەکان بەمانایەکی ترئاماژەی هێرشیکی گەورەترەلە ئایندەدا بۆسەر ئەوهیواو بڕوایەی کەدەیەوێت دنیای کۆن بگۆڕێت، بۆیە بێدەنگ بوون لەبەرامبەر ئەو دەست درێژیەدا لەژێرپەردەی جیاوازی بیرو بۆچون وناکۆکی حیزبیدا ئەو مەترسیەی لێدەکەوێتەوە کەلەعێراقدا قانونی غابات بەرێوە بچێت و گەورەکان بچوکەکان بخۆن، هەروەهاگەر بریارە کۆمەڵگەی عێراقیش بەرەوئاستی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دیموکراتی هەنگاو هەڵگرێت ئەوا نەك هەر بنکەی کۆمۆنیستەکان دەبێت دانەخرێت، بەڵکو دەبێت چەندین بنکە و کۆمەڵە بەخواست و داواکاری کۆمۆنیستانە وپێشکەوتووخوازانەلەتەواوی شارەکاندا بکرێنەوە، چونکە ئەوە تاکەزەمانەتی بەرگرتن دەبێت بەگەڕنەوەی دەسەلاتێکی داپڵۆسێنەر، بەپێچەوانەشەوە دەبێت ئەو دەست و نینۆکانە کورت بکرێنەوە کەناتوانن لەگەڵ بیروباوەڕی ئازادیخواز و نوێگەریدا ژیان بکەن.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت